# رۆڵ لە سیاسەتی دەرەوە

**مەبەست لە رۆڵ، کۆی ئەو رەفتارانەیە کە یەکەیەکی نێودەوڵەتی پێی هەڵدەستێت بە مەبەستی پراکتیزەکردنی چالاکیەکانی دەرەوەو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە. ئەو رولەی کە ولاتێك دەیگێرێت دەبێت بگونجێت لەگەڵ پێگەی ئەو ولاتە لە هەردوو ژینگەی ناوەوەو دەرەوەدا، ئەمەش لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکی تر دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت رۆڵگێرانی ولاتان لە سیاسەتی دەرەوەدا بەسەر چەند شێوازێك دابەش بکەین:**

1- **پالپشتیکردن لە شۆرش‌و بزاڤە شۆرشگێریەکان: کۆماری چین لە شەستەکان، ئێران لە دوای شۆرشی سالی** 1979.

2- **دژایەتیکردنی داگیرکاری: ولاتە چەپەکانی سەردەمی جەنگی سارد**

3- **بیلایەنی سەربەخۆ: ئەو ولاتانەی کە لە سەردەمی جەنگی سارد بێلایەنیان هەڵبژارد.**

4- **هەلگرو بەرگریکار لە بیروباوەرێك (حامی العقیدە): ڕۆڵی سعودیە، ڤاتیکان، ڕۆڵی ئەمریکا لە پاراستنی ئازادی لە سەردەمی جۆن کینیدی.**

5- **دژایەتی ئایدۆلوجیا: وەك دژایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کۆمۆنیزم لە سەردەمی جەنگی سارددا.**

6- **راگرتنی هاوسەنگی هەرێمی: وەك ڕۆڵی هەندێك لە زلهیزەکان**

7- **رۆڵی پۆلیسی: وەك ئەمریکا، یان یەکێتی سوڤیەت لە ناو ئەو ولاتانەی بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.**

8- **رۆڵی راگرتنی هاوسەنگی نێودەولەتی:**

9- **رۆڵی ناوبژیوانی نێودەولەتی: نەتەوە یەکگرتووەکان یان ولاتە بێلایەنەکان.**

10- **پارێزەری ئاشتی جیهانی: سویسرا و کەنەدا**

11- **پالپشتیکردنی گەشەسەندن: کەنەدا ، چینی سەردەمی ماو، کوریای باشور لە ئێستادا.**

12- **هاوپەیمانی دلسۆزی: ئەمریکاو ئیسرائیل یان بریتانیاو ئەمریکا**

13- **پردی نێودەولەتی ( الجسر الدولي): سویسرا**

14- بەرگریکاری هەرێمی: میسر لە سەردەمی عبدالناصر، ڕۆڵی سۆڤیەت بەرامبەر ولآتانی ئەوروپای رۆژهەلآت، ڕۆڵی سعودیە بەرامبەر ولآتانی کەنداو.

15- رابەرایەتیکردنی تەواوکاری هەرێمی: ڕۆڵی چین لە ئاسیا، ڕۆڵی ئەڵمانیا لە ئەوروپا، سعودیە لە کەنداو.

## ســــــــــــــــــــتراتیج لـــــــــــــــــــــــــە سیاســــــــــــــــــــــەتی دەرەوە

## what does strategy means in Foreign policy?

1- سـتراتیجیەت وەك ئـەوەی زۆربـەی توێـژەرانی بـواری سیاسـی لەسـەری كـۆكن بریتیـە لـە: هونەری بەگەڕخستنی توانا بەردەستەكانی دەوڵەت و ئامادەكردنی ژینگەی نـاوەوەو دەرەوە بـۆ بەدیهێنانی ئامانجەكان بە كەمترین تێچوون. بەواتاییێكی تر واتا "كاریگەری دروستكردن لەسەر لایـەنی مەبەسـتدار لـە رێگای بەگەرخسـتنی عەقلانیانـەی توانـا بەردەسـتەكانی دەوڵـەتێك بـۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵاكان بە كەمترین تێچوون.

2- ستراتیج بە شێوەیەكی گشتی لە رێگای دوو جۆر میكـانیزم جێبـەجێ دەكرێـت: میكانیزمـە ماددیەكان ( واتا توانا جوگرافیا، ئـابوری، سـەربازیەكان) هـەروەها میكـانیزمی مەعنـەوی (واتـا توانا كۆمەلأیەتیو كولتوریەكان).

3- كــەواتا دەتــوانین بلــێین هــەر یەكــە لــە دبلوماســیەتو سیاســەتی دەرەوە میكــانیزمی جێبەجێكردنی ستراتیژن لە ژینگەی دەرەوەی دەوڵەتدا.

داڕێژەرانی بریار لە داڕشتنی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەدا رەچاوی چەند رەهەندێك دەكەن

1. ریزبەندی پۆلێنكردنی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوە. واتـا دابەشـكردنی ئامانجـەكان بـە پێی گرنگو گرنگترو زۆرگرنگ، واتا ئەولەویەتی ئامانجەكان.
2. ماوەی زەمەنی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوە. واتا ئامانجی مـاوە كورتو مام ناوەندو دوورمەودا.
3. ئامرازو كەرەستە بەردەستەكان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكان. واتا بەستنەوەی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوە بە ئـامرازو كەرەسـتە بەردەسـتەكان ئینجا چ ئـامرازی مـاددی بـن یـان ئامرازی مەعنەوی.
4. توانـا بەردەسـتەكان: واتـا ئـەو توانـا مـاددی و مەعنەویانـەی كـە دەوڵـەت هەیـەتی بـۆ وەدیهێنـانی ئـەو ئامانجانـە، هـەروەها لـە هـەمان كاتـدا وێنـاكردنی تواناكـانی لایـەنی بەرامبەر ئەگەر ستراتیژەكە دژ بە لایەنێكی تر بوو.

5. لایەنە نێودەوڵەتیەکانی تر کە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکە، یاخود رەچاوکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی تر کە دەکرێت هاندەر بن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان.
6. بنەماکانی پێشبرکێی نیۆدەوڵەتەکان: واتا رەچاوکردنی هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان کاریگەریان لەسەر بەدیهێنانی ستراتیژییەکەدا، بۆ نموونە بوونی زلهێزەکانو ئەکتەرە هەرێمیە بالآکان، کاریگەریان لەسەر رەوتی جێبەجێکردنی ستراتیژیەکەدا.